ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگه‌ی زاگرۆس

## ئیسلام‌و ناسیۆنالیزم

## بابه‌تێكی كۆن بۆ كێشه‌یه‌كی نوێ

نووسینی نووسه‌ری كورد شه‌هید(فازل ره‌سول) كه ١٩ ساڵ پێش ئێستا پێشنیاری سه‌ربه‌خۆبوونی بۆ كورد كردووه

له گۆڤاری (الحوار) ساڵی ١٩٨٦ له لوبناندا بڵاوبۆته‌وه

وه‌رگێڕانی :عه‌لی سیرینی

له‌ڕۆژگاری ئه‌مڕۆماندا‌و له‌سه‌ر ئاستی جیاواز ئارگۆمێنتێكی گه‌رم هه‌یه له‌سه‌ر په‌یوه‌ندی ئیسلام‌و عه‌ره‌ببون، ئیسلام‌و فارسبوون، هه‌روه‌ها ڕۆشنبیرانی توركیش ده‌ستیانكردووه به‌پێداچوونه‌وه‌ی ئه‌زموونی كه‌مالیزم‌و ئینتمای وڵاته‌كه‌یان بۆ جیهانی ئیسلام، ڕاو بۆچوونی جیاواز هه‌یه وه‌ك ئه‌وانه‌ی ده‌ڵێن نه‌ته‌وه‌ی ئیسلام، هه‌یه ده‌ڵێ گه‌ل‌و میلله‌تانی جیاواز له‌بازنه‌ی ئیسلامدا، به‌كورتی ڕابوونی ئیسلام ده‌رگای خستۆته سه‌ر پشت، به‌رامبه‌ر به‌پێداچوونه‌وه‌یه‌كی نوێ ده‌رباره‌ی په‌یوه‌ندی ئیسلام‌و ناسیۆنالیزم.

لێره‌دا ڕاوبۆچوونی جیاواز ده‌بنه‌وه، هه‌روه‌ها هه‌ڵوێسته‌كانیش له‌نێوان ئه‌وانه‌ی كه ئیسلام‌و ناسیۆنالیزم به‌دژه به‌ره‌و نه‌گونجاو ده‌بینن‌و ئه‌وانه‌ی هه‌وڵده‌ده‌ن گوزارش له‌په‌یوه‌ندییه‌كی گونجاو بكه‌ن له‌نێوان ئه‌م دووبازنه‌دا به‌ڵام هه‌تا لێره‌شدا بۆچوونه‌كان جیاجیان له‌ئاست ده‌ستنیشانكردنی گرنگی‌و سه‌رپشكی كام بازنه به‌سه‌ر ئه‌ویتردا، یان كامیان ئه‌وه‌ی تر ده‌گرێته خۆ.

سه‌رهه‌ڵدانی ئه‌م گیروگرفته ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ قۆناغێك كه گرنگترین گۆڕانكاری مێژوویی له‌وڵاته‌كانی ئێمه فه‌راهه‌م هێنا، له‌گه‌ڵ لاوازبوونی ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌و خۆخلكردنه‌وه‌ی به‌ره‌و زیاتر نێوه‌نده‌بوون (المركزية)و بڵاوبوونه‌وه‌ی چه‌مكی ئه‌وروپی بۆ ناسیۆنالیزم (به‌لایه‌نی كه‌مه‌وه له‌نێو ڕۆشنبیراندا)، سه‌ر هه‌ڵدانی تێزی ناسیۆنالیستی توركی له‌ناو وڵاتی عوسمانی‌و ده‌ره‌نجامه‌كانی له‌به‌رپابوونی هزری ناسیۆنالیستی لای گه‌لانی دی.. مه‌سه‌له‌ی دۆزینه‌وه‌ی شێوازێكی باشترو عادیلانه‌تر له‌نێوان گه‌له موسڵمانه‌كان هاته كایه‌وه، هه‌روه‌ها دانانی پابه‌ندبوون‌و پرنسیپی نوێ بۆ په‌یوه‌ندی ئیسلامی، هه‌وڵه‌كانی جه‌ماله‌ددینی ئه‌فغانی، به‌رزترین هێمای چاكسازی، سه‌ری نه‌گرت له نه‌جاتدانی په‌یوه‌ندی ئیسلامیی، كه له خیلافه‌تی عوسمانی خۆی ده‌نواند، له په‌رته‌وازه‌بوون.

ئه‌وه‌بوو كۆتایی پێهات له‌گه‌ڵ سه‌رهه‌ڵدانی شه‌ڕی جیهانی یه‌كه‌م‌و دروستبوونی نیشتیمانه نوێییه‌كان له‌سه‌ر كه‌لاوه‌كانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی، كه له چوارچێوه‌كانیاندا هاوكێشه‌ی ناسیۆنالیستی شێوازی نوێی گرته‌خۆ به‌ڵكو گه‌یشت به پله‌یه‌كی به‌رز له‌ئاڵۆزی‌و توندوتیژی.

سه‌رهه‌ڵدانی ڕه‌وتی ناسیۆنالیستی له‌م ناوچه‌یه‌دا (به‌تایبه‌ت ناسیۆنالیستی عه‌ره‌بی)، له په‌نجه‌كان‌و شه‌سته‌كانداو ئنجا ڕابوونی ئیسلامی هاوچه‌رخ له هه‌فتاكانه‌وه ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ی بووه به‌گرنگترین كێشه‌كانی پرۆژه‌ی شارستانی له‌داهاتووی ئه‌م ناوچه‌یه‌دا، هه‌روه‌ها له هه‌ندێ وڵاته‌كانیش ته‌نها قه‌تیس نه‌ماویه‌وه له‌چوارچێوه‌ی مشتومڕی تیۆری، به‌ڵكو گیروگرفتی سیاسیی هه‌نوكه‌یی لێكه‌وتۆته‌وه، هه‌ندێكیان زۆر ئاڵۆزن‌و هه‌ندێكیتریش چاوه‌ڕێی ته‌قینه‌وه‌ن.

په‌یوه‌ندی ئیسلام‌و عه‌ره‌بیزم هه‌روه‌ك ئاشكرایه جیاوازه له‌ناوچه‌یه‌كه‌وه بۆ ناوچه‌یه‌كی تر، له‌وڵاتانی ڕۆژئاوای عه‌ره‌بی ئینتیمای عروبه‌و ئیسلام ئه‌و درزه‌ی به‌خۆوه نه‌دی كه له‌ڕۆژهه‌ڵاتی عه‌ره‌بی ڕوویدا، میسریش له ئه‌زموونی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

عەبدولناسردا شێوەیەك لەگونجاندنی پەیداکرد لە خستنەڕووی هاوکێشەکە لەمیانەی چەندەها بازنە بە دەوری میسردا، (بازنەی عەرەبی، ئەفریقی، ئیسلامی..) بەو مانایەی کە ئینتما بۆ هەر بازنەیەك لەمانە واتای ئەوە نییە بازنەکەی تر بسڕێتەوە بەڵکو تەواوکەریەتیو درێژە پێدەر.

لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، کە هەزری ناسیۆنالیستی لەدایکبووە، هەڵوێستەکان جیاواز خەملان لەنێوان ئیسلامییەکانو ناسیۆنالیستەکان، نێوان تەوژمە ناسیۆنالییە جیاوازییەکان، هەندێك لەتەوژمە ئیسلامییەکان ئینکاری بازنەی قەومی دەکەن بەو پێیەی کە هەزری قەومی، لە دەرەوە دزەی کردۆتە ناو جیهانی ئیسلامو ڕەگەزتوندیەو هەڵوەشێنەری یەکێتی ئیسلامییە، کەچی لەو بەرەوە هەندێك لەتەوژمە ناسیۆنالییەکان دووپاتی بازنەی ناسیۆنالی دەکەنو ئەم شێوازە دەخەنە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکن لە هەڵسەنگاندنی ئیسلام، هەیە وایدەبینێ کە ئیسلام توخمێکە لەپێکهاتەی مێژووی گەلی عەرەب بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکی هاوچەرخی بداتێ، هەشە ئەم دووبازنەیە دەخاتەوە نێو بازنەکان، کە یەکێتی عەرەب لەنێوان بازنەیەکی گەورەتر دەبینێ ئەویش بازنەیان پەیوەندی ئیسلامییە.

بەڵام هاوکێشەکە سەبارەت بەگەلانی موسڵمانی غەیرە عەرەب جیاوازە، (تورك، کورد، فارس، هندی) لەئێرانو تورکیا ڕووی هەرە بەرزی تەوژمی ناسیۆنالی تورکیو فارسی ئینکارکردنی پەیوەندی ئیسلامی بوو ئەم هەڵوێستەش بەخۆ دەربڕینێکی دوولا نامۆ دەنواند؛ گەڕانەوەی ژیانی کلتوری پێش چاخی ئیسلام لەلایەك، سەرسام بوون بەمۆدێلی ئەورووپیو خێرا هەنگاونان بۆ لاسایی کردنەوەی لەلایەکی تر.

ئەمەیان لەژێر ڕکێفی سیستەمی شای ئێرانو تورکیای کەمالی بەڕێوەچوو، ڕووداوەکانی زیاتر لە پەنجا ساڵ فەشەلێکی گەورەی ئەم تەوژمەی مۆر کرد لەسەر ئاستی ئابووری، کلتوری، کۆمەڵایەتی.

ئینجا ئەم مەسەلەیە ڕوویەکی تریشی هەیە، لەمیانەی مەندیار (بروز) بوونی شوناسی فارسیو تورکی، شوناسی گەلانێکی تر ئینکار کرا، کە لەنێوان ئەم دوو وڵاتە دەژین، ئەرمەنو کوردو ئەوانیتریش نابودترین قەسابخانەیان بینیو زوڵمو ستەمێکی جۆراوجۆریش.

بەڵام سەبارەت بەهەندێ گەلانی موسڵمانی تر (نمونەشمان لێرە گەلی کوردە) مەترح بوونی پەیوەندی ئیسلامو قەومییەت ڕەوشێکی تری هەیە بەپێی گۆڕانکارییەکانی بزووتنەوەی ڕامیاری ئەم گەلە، بەشێوازێکی ڕووندیار (واضح) جیاوازە لەپەیوەندی عروبەو ئیسلامو هاوکێشەکانی تر کە پێشنیار دەکرێن بۆ ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە.

کوردەکان نیشتەجێی ڕەسەنی ئەم ناوچەن کە کەوتۆتە نێوان ئێرانو عێراقو سوریاو یەکێتیی سۆڤیەت. لەگەڵ فەتحی ئیسلامی بەکۆمەڵ بوونە موسڵمانو زۆر گورجو گۆڵانە بەشداری فتوحاتی ئیسلامیان کرد.

پاش ماوەیەکی کەم ئاینی زەردەشتی پاشەکشێی کرد (کە زۆربەی کوردەکان زەردەشتی بوون پێش ئیسلام) هەروەها کوردەکان ڕۆڵێکی مەزندەیان نواند لەژیانی کلتوریو زانست لەنێوان شارستانی ئیسلامیی یەکگرتوو.

لەسەر ئاستی ڕامیاری هەر لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە ئیماراتو دەوڵەتی کوردی نیمچە سەربەخۆ دروست بوون، کە بەشێوازێکی ڕەواڵەت، هێما سەر بە خیلافەت بوون، هەروەها خێڵە کوردەکان ڕۆڵێکی شکۆمەندیان نواند لەژێر سەرکردایەتی سەلاحەددینی ئەیوبی لەبەرخودانی دژ بەخاچ هەڵگران.

لەسەدەی شازدەمەوە ئەم گەلە بەدابەشبوونی ژیا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی، بەڵام تا سەدەی نۆزدە چەند ئیماراتێکی کوردی نیمچە سەربەخۆ هەبوون لەنێو وڵاتی عوسمانیدا.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کوردەکانیش شانبەشانی گەلانی تری ناوچەکە هەڵوەدای سەربەخۆیی بوون بەپێی ئەو وەعدانەی کە ڕۆژئاوا دابووی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵام ڕێککەوتنەکانی نێودەڵەتی دابەشکردانی کوردستانی سەقامگیر کرد بەسەر چوار وڵات، لە میانەی زیاتر لە شەست گەلی کورد خەباتێکی بەردەوامی کرد بۆ ئامانجێك لەنێوان سەربەخۆییو جۆرێك لەئۆتۆنۆمی هاتوچۆی دەکردو هەروەها بۆ دانان بەشوناسی قەومی لەزامنکردنی پراکتیزەی مافی کلتوری، لەم میانەیەدا بەتایبەتی، کوردەکان ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریان چەشت لەم وڵاتانەدا بەزوڵمێکی زۆرو نەبوونی یەکسانی، بەجۆرێك کوردەکان بوون بە هاووڵاتی پلە دوو، سەرباری ئەوەش مافی پراکتیزەی کلتوریان لێزەوت کرا، لەهەندێ وڵات ئینکاری بوونی کورد دەکرێ بەپێی "یاسا"و سزای ئەو کەسە دەدرێ بەکوردی ئاخافتن بکات، لەوڵاتانی تریش کوردەکان قەدەغە دەکرێن لەخوێندن بەزمانی خۆیانو بەرەوپێشبردنی زمانو کلتوری تایبەتیان.

ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە ئاڵۆزە وایکرد کە تەوژمی قەومی زاڵ بێت بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد. ئەم تەوژمە دەخەبێت بۆ پاراستنی شوناسی کوردیو سەقامگیرکردنی کە مەترسی نەمانی لێدەکرێت هەندێك جارو هەروەها بۆ جێبەجێهێنانی ڕزگاری سیاسیی کە خۆی لەنێوان سەربەخۆیی تەواو بەپێی مافی چارەی نووسین (دروشمی زۆربەی هێزە سیاسییە کوردییەکان)و پراکتیزەکردنی ئۆتۆنۆمی (بەڕێوەبردنو کلتور) دەبینێتەوە، گۆڕانکاری مەسەلەی نەتەوایەتی بەمشێوە ئیشکالاتی زۆر دەخاتە پێش، هەڵوەدای بیست ملیۆن کورد بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کە دابەشکراوە، لەلایەن چەند نێوەندێکی دەسەڵات بەجوداگەری دەخوێنرێتەوە، لێرەدا پرسیار قوت دەبێتەوە جوداگەری لەکام جەستە؟ ئایا جەستەی یەکبوونە؛ جەستەی پرۆژەی سیاسیی یەکگرتوون یان ئەو جەستەیەی کە بۆ خۆی دەستکردەو بەشێکە لە پەرتەوازەی گشتی، کە دەیەوی بۆ خۆی وەلائێکی نوێی هەرێمچیەتی دابمەزرێنێ کە لەگەڵ ئامانجەکانی گەلانو نەتەوە گەورەکانی ناوچە دژو بەرەنگارە.

هەروەها گیروگرفتی ئەم قەوارانەش هەیە کە کوردەکان لەناویاندا دەژین: قەوارەی فرە ئینتیمائی (قەومیو مەزهەبی)، کە سیستەمی سیاسیی لەسەر چقێکی زۆر توند وەستاوە کە بە کەمترین هەمە جۆری فرەسازی ڕازی نییە، کەوایکردووە زۆر ستەم بەکاربێت وەك ئامێرێك بۆ زامنکردنی "یەکێتی نیشتمان" واتە سەنگی هێزەکان (کە ئەمڕۆ نێودەوڵەتییەو هەرێمیشە) ئەم قەوارانە دەپارێزن، نەك حەزوویست بۆ ژیانێکی هاوبەش لەسەر بنەمای عەدالەت.

خستنە ڕووی پەیوەندی نێوان گەلانی مسوڵمان بەپێی زۆرینەو کەمایەتی لەدیدی ئێمە شتێکی هەڵەن. لە چ چوارچێوەیەكو بەپێی چ ئینتمایەك گەلێك دەکرێ بەزۆرینەو یەکێکیتر کەمایەتی؟

چوارچێوەی ئیسلامیی دەبێ هەموو موسڵمانان کۆبکاتەوە لەهەر گەلو میللەتێك بن، لێرەدا کەمینەو زۆرینە وجودێکی نییە، گەردنمان نا بەبوونی گەلانی جۆراو جۆر لەوانەیە بکرێ بڵێین گەلێکی گەورەو گەلێکی بچووك بەڵام نەك کەمینەو زۆرینە.

گەر چاوێکیش بخشێنین بە پەیوەندی لەناو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تیا دەژیێ (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا) ئەم چەمکە زۆر بەسەختی پراکتیزە دەکرێ.

لەم وڵاتانەدا ناکرێ چەشنجۆرێ (تصنیف) دەسەڵاتی سیاسیی بەپێی ئینتمای قەومی گەلاڵە بکرێ، بەڵکو فرە چەشن ئینتما وەك مەزهەب، ناوچەگەری، ئا بەم جۆرە دەبینین کە فارسییەکان لەئێران ٤٥٪ دانیشتوانو ئەوەی تر گەلانی ترن، بەڵام شیعە، کە لە بنچینەدا (فارسو ئازەرین) "زۆرینەی" وڵاتن.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگه‌ی زاگرۆس

له‌عێراقیش ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی له‌مێژوودا (له‌سه‌رده‌می عوسمانیو دواتریش) پێكهاتووه له‌موسڵمانه سوننه عه‌ره‌به‌كان، ئه‌مانه‌ش (زۆرینه) نین‌و ڕۆڵی مه‌زندیاری ناوچه‌یه‌ك یان شارێك له‌پێكهاته‌ی ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی شتێكی ئاشكرایه له چه‌نده‌ها وڵاتی ئیسلامیو عه‌ره‌بی.

په‌یوه‌ندی نێوان گه‌له موسڵمانه‌كان یان چه‌ند به‌شێك له‌گه‌لانی مسوڵمان له‌ناویه‌ك وڵاتدا ناكرێ به‌و شێوازه وه‌ربگیرێ له‌سه‌ر بنه‌ڕه‌تی ناوه‌وه ده‌ره‌وه.

هه‌تا له‌مێژووه‌وه په‌یوه‌ندی گه‌لانی موسڵمان له‌سه‌ر بنه‌ڕه‌تی نێوه‌ندو لاپه‌رگه‌كان (مركز - أطراف) بووه نه‌ك ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه، به‌ڵام هه‌نووكه ئه‌و گه‌لانه‌ی پێیان ده‌گوترێ كه‌مایه‌تی وه‌ك (كورده‌كان)و غه‌یری ئه‌وانیش له چه‌ند وڵاتێكدا؛ به‌شێوازێك ئاسا له‌لاپه‌رگه‌كانی وڵات ده‌ژین‌و ڕوونداره‌تر له‌ده‌ره‌وه‌ی نێوه‌نده‌كانی ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی‌و ئابووری، به‌ڵام په‌یوه‌ندی له‌نێوان "نێوه‌نده" نوێیه‌كان‌و په‌رگه‌كانیتر بزاوتی نییه‌و ئاڵوگۆڕ ناكرێ.

نێوه‌نده‌كانی ده‌سه‌ڵات شێوه ئاسا جێگیرن به‌ڵام په‌یوه‌ندییه‌كانیان به‌لاپه‌ڕه‌گه‌كان تا ڕاده‌یه‌ك دوژمنكاری‌و سته‌مه. هه‌میشه كه‌وتوونه‌ته ژێر پاڵه‌په‌ستۆی لاپه‌رگه‌كان (پاڵه‌په‌ستۆیه‌ك زۆرجار بۆ به‌رژه‌وه‌ندی هێزه هه‌رێمه‌كان‌و نێوده‌وڵه‌تییه‌كان شه‌پۆل ڕۆ[1] ده‌كرێ)، به‌ڵام دیدی ئه‌وه ناكرێ نێوه‌ند بگواسترێته‌وه لاپه‌رگه‌كان‌و به‌پێچه‌وانه‌ش، له‌میانه‌ی ئه‌م هاوكێشه‌یه‌دا ڕه‌وشێك هاتۆته كایه‌وه كه هه‌میشه ئارامی‌و ئاسایش وڵاتی خستۆته مه‌ترسییه‌وه‌و یه‌كێتیی‌و تواناكانیش لاواز كردووه له‌به‌رخونیدا به‌رانبه‌ر به ده‌ره‌وه‌و هێزو توانایه‌كی زۆر به‌با ده‌دات.

ئۆتۆنۆمی شێوازێكه‌و سیسته‌مێكه پێشنیاره بۆ ڕێكخستنی په‌یوه‌ندی نێوان گه‌لان‌و میلله‌تان له چوارچێوه‌ی یه‌ك وڵاتدا، ئه‌مه‌یان چاره‌سه‌رێكی موره‌ككه‌به بۆ زوڵمێكی موره‌ككه‌ب، ئامانجه‌كه‌ی فه‌راهه‌م هێنانی هه‌ل‌و مه‌رجه بۆ گه‌یشتن به هاوشیانییه‌تی له‌دووتوێی یه‌كێتییه‌كی ڕاست وه‌ستاو له‌سه‌ر دادوه‌ری.

به‌ڵام پێشنیاری سیاسیی بۆ ئه‌م ئامانجه ئیشكالاتێكی زۆر ده‌گرێته ئامێز ئه‌و گه‌لانه‌ی ژێر ده‌سته‌ن‌و بێ به‌شن له یه‌كسانی سیاسی، مه‌ترسی ده‌كه‌ن وه‌ك هه‌نگاوی یه‌كه‌م له‌سه‌ر ڕێگای سه‌رخۆبوونن واته ئۆتۆنۆمی ده‌هێنێته پێشه‌وه، چونكه سه‌نگی هێزه‌كان له‌مه‌زیاتر ماوه‌نادات.

هه‌روه‌ها ئه‌م چاره‌سه‌ره له‌لایه‌ن چه‌ند نێوه‌ندێكیش ده‌خرێته ڕوو، به‌ڵام ته‌نها بۆ سه‌پاندنی یه‌كسانی نه‌بوون‌و كردنی گه‌لی بچووك به هاووڵاتی پله دوو، كه به‌رێژه‌یه‌كی دیاریكراو به‌شداری به‌ڕێوه‌بردنی خۆیان ده‌كه‌ن‌و ته‌نها به‌ڕواڵه‌ت نه‌بێت ده‌نا به‌شداری ده‌سه‌ڵاتی گشتی سیاسیی ناكه‌ن، كه‌چی ده‌رگای هه‌ل به‌یه‌كسانبوونی گشتی له‌سه‌ر بنه‌مای "دیموكراسی" هاوشان له‌ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی به‌ڕوویانان داده‌خرێ.

كه چه‌مكی مافی چاره‌ی خۆنوسیش به‌رزده‌بێته‌وه له‌به‌ر هه‌ڵنگوتنی (تعثر) چاره‌سه‌ره‌كانی تره، تۆخ بوونه‌وه‌ی ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌ی پێكه‌وه ژیان له‌سه‌ر بنه‌مای زوڵم‌و زۆری، به‌ڵكو زیاتر دانانه به‌سه‌ختی پێكه‌وه ژیان بێ ئه‌وه‌ی له‌بنه‌ڕه‌تدا، عه‌دالات چاره‌سه‌ری به‌زۆر قه‌بوڵ ناكات‌و گرتنه خۆی به‌زۆره‌ملێش یا به كۆیله‌كردن ڕه‌تده‌كاته‌وه، به‌ڵام مافی چاره‌ی خۆنووسین‌و حه‌زو ئاره‌زووی داده‌ورانه بۆ جێبه‌جێكردنی یه‌كێتیی گه‌ل‌و چه‌سپاندنی شوناسی ناسیۆنالی‌و

[1] شه‌پۆل ڕۆ: واته (یجیّر.. من: جری، یجری)

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کلتوری تایبەت نابێت بێتە هۆی تێکدانی قەوارە گەورەکان‌و دروستکردنی چەند قەوارەیەکی ناکۆك‌و دژوار، کە لە دوژمنداری بۆ دەوروبەرەکەیدا دەژیێ‌و ناتوانێت بەردەوامی بەخۆیدا بدات تەنها بەیارمەتی دەرەوە نەبێت.

"ئۆتۆنۆمی" چارەسەریەکی کۆتایی نییە بۆ مەسەلەی قەومی کە ئێمە لێرەدا بەتەنگیەوین، جێبەجێکردنی وەك خود بەڕێوەبردن بەکەڵکە بۆ گەشەپێدانی کلتورە چەساوەکان، بەڵام دەبێ ئاگاداربین نەبێتە چوارچێوەی بەستوو (جامد) بۆ چەپاندنی یەکسانی نەبوون، بەڵام "مافی چارەی خۆنووسین"و "سەربەخۆبوون" مافێکی ڕەوایە پراکتیزە بکرێ لەمیانەی ڕێڕەوێکی گشتی ناوچەکەو دیدی یەکێتیی گەل، لەمیانەی پرۆژەیەکی سیاسیی فراوانتر (مەبەستی نووسەر یەکێتی گەلانی ڕۆژهەڵاتە لەچوارچێوەیەکدا کە هەموویان تایبەتمەندی خۆیان دەپارێزن‌و یەکگرتنێکی شارستانی پێکدەهێنن وەك ئەورووپای ئەمڕۆ-وەرگێڕ) بابگەڕێینەوە سەرەتای باس لەپەیوەندی ناسیۆنالی، هەروەك لەچەند وڵاتێکی عەبەی چەند تروحاتێکی ئیسلامیی دژ بە ناسیۆنالی بەڕێوەیە هەروەها تروحاتە ناسیۆنالییەکان بێئاگان لەگرنگی پەیوەندی ئیسلامیی، ئەو ڕەوتە ئیسلامیانەی خودا خەڵکی بەیەك ئوممەت خەلق نەکردووە بەڵکو کردوونی بەگەل‌و تیرە بۆ یەکتر ناسین، کەواتە پێداگرتن هەیە لەسەر هەمە جۆری‌و فرەسازی‌و بەیەکەوە ژیان.

مێژووی ئیسلام بۆمان دیاردەکا، لەگەڵ ئەو ململانێیانەش کەڕوویدا، ئیسلام گەلانی تری بەعەرەب نەکردووە بەڵکو هاوبەش بووە لە پاراستنی شوناسی قەومی سەربەخۆیان، لەژێر سێبەری شارستانی یەکگرتووی ئیسلام کە عەرەبی زمانی هاوبەشی بوون چونە ناو یەکەیەکی مەزن لەشارستانیدا بەرپابوو بێ ئەوەی گەلانی تر سەروسیمای ناسیۆنالی خۆیان لە دەست بدەن، گەر بهاتباو گەلی کورد لەمیانەی سێزدە سەدە تووشی دەیەکی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە ئێستا بەدەستی دەوڵەتە نوێییەکان دەیچێژێ لەداپڵۆسین‌و لەناوبردنی شوناى قەومی ئەوا لەوانە بوو گەلێك نەمێنێ بەناوی کورد.

هەروەها دەرهاوێشتەکانی هەندێ لەهێزە ئیسلامییەکان کە ئینکاری مافی گەلە چەوساوەکان دەکا لەوانەیە دەرەنجامی تێزی ناسیۆنالی بێت کە خۆی لەپشت پەردەی ئیسلامەوە شاردۆتەوە، ئەگەرنا ئیسلام کەڵکی چییە گەر بێتو منداڵانی کورد قەدەغە بکرێن لەخوێندن بەزمانی دایکیان‌و بەزۆر خوێندنیان بەزمانەکانی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی پێبکرێت؟

ئینجا بۆ نابێت ددان بنێت بە فرەسازی‌و هەمە جۆری..و دەرچوون لەوێوە بەرەو یەکێتی‌و پێکەوە ژیان؟ هەروەها بۆ نابێت کلتورو زمانە جیاوازەکان وەك سەروەت‌و خێر بناسرێت کە دەچێتە باوەشی کلتوری هاوبەشی گەلانی موسڵمان؟

لەپەیوەندی نێوان قەومییەت‌و ئیسلام، دەبێ فەرق بکەین لەنێوان دوو مەسەلە:

-سیستمی ئیسلام وەك سیستمێکی سیاسی، شارستانی ئەلتەرناتیف بەشێوازی جۆراوجۆرو لەلایەن کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەهەر وڵاتێ.

-پەیوەندی ئیسلامیی، وەك چوارچێوەیەکی فراوان کە پەیوەندییەکانی گەلان‌و میللەتان دەگرێتە خۆن کە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی مێژووی هەرە مەزن دەبەخشێتە ئەم پێکهاتە جۆراوجۆرە.

سڵمینەوەی ناسیۆنالیستەکان لەڕۆڵەکانی گەلە موسڵمانەکانی غەیرە عەرەب وەکو کورد کە ئازاری دوورخستنەوەی ناعەدالەتی دەچێژن، پەیوەستە بەسیستەمی سیاسیی ئیسلام کە پێشنیار دەکرێ لەم وڵاتو ئەویدیکە، ئەم گیروگرفتە

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

هەمە لایەنە لە ئاینو کلتورو شارستانی، لەبەر توندی داپڵۆسینو ستەم لەسەر ئاستی ناسیۆنالیو چەقین لەناو بازنەی ململانێیە خۆماڵییەکان نەفسێکی گەورە هەیە لە هۆشیاری بەمەترسی زاڵبوونی کلتوری ڕۆژئاوا، گرنگی ململانێی گشتی کە گەلانی مسوڵمانو جیهانی سێیەم دەیکەن دژ بە هەیمەنەی شارستانی ڕۆژئاوا بەهەموو شێوازەکانی.

هەروەها چەند ڕەهەندێکی تایبەت هەیە لەدیدو بۆچوونی ئیسلامییەکان سەبارەت بە سیستمی سیاسییو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیو یاساو.. هتد هێشتا جێگای مشتومڕو ڕەخنەیەو ناکۆکی دەربارەیان کۆتایی نەهاتووە، هەروەها ئەم دیدو بۆچوونانە هێشتان پێنەگەیشتووەو بەلوەرەی نەکردووە.

لەسەر ئاستی پەیوەندییە ئیسلامییەکان لەگەڵ دووپاتکردنەوەیەکی توندی بزاوتی قەومی کورد لەسەر ڕزگاربوونی سیاسییو سەربەخۆبوونو ئۆتۆنۆمی وەك چارەسەر بۆ کێشەی کوردن تەوژمە گۆشەگیرەکان (أنعزالی) کە ئاسۆیان تەسکە زۆر لاوازن، دیدو بۆچوونی بزاوتی گەلی کورد بەرەو دووپاتکردنەوەی برایەتی نێوان گەلانی مسوڵمان دەچی (کورد، عەرەب، تورك، فارس..)و یەکێتی گەلانی ناوچە وەك هێمایەکی سیاسیی دەخرێتە ڕوو.

ئەم یەکێتییەش ناتوانی چوارچێوەکەی خۆی بدۆزێتەوە تەنها لەناو ئیسلام نەبێت، وەك بازنەیەكو ئەساسێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوان لایەنەکان، ئەم ڕاستییەش هەرچەندە هۆشیاری لەئاستیدا نەگەیشتووەتە ئاستێکی پێویست، بەڵام ڕێڕەوێکی گشتی ڕووداوەکان بەرەو ئاراستەی ئاگاداریبوون دەچێت.

یەکێتیی ناسیۆنالی گەلی کوردی پارچەکراو وەك یەکێتیی قەومی عەرەبە کە ئەویش پارچەکراوە، نابێ دژ بەئیسلام لێکبدرێتەوە، ئەگەر وەك خشتەیەك بێت بۆ بینایەکی مەزنترو فراوانتر بۆ یەکێتیی گەلانی موسڵمان، لە میانەی پرۆژەیەکی شارستانی نوێ کە یەکێتی بۆ ئەم وڵاتانە دەگەڕێنێتەوەو گونجاندنیش بۆ ئینتیما فرەڕەنگییەکان.